
182













## کۆنفرانسی ئەنفالەکان لە لاهای سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات
## بۆ یەکەمجار باڵوێزی عێراق بەشداری یادی ئەنفالەکان دەکات

بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە کورد و عەرەب و ئاشوری و کلدانی دانیشتووی هۆڵەندە ,ڕۆژی 25-4-2004 کۆنفرانسی ئەنفال بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی ئەنفالکراوو شەهیدانی کوردستان لە هەموو پارچەکان و بزووتنەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی عێراقی دەستی پێکرد .پاشان ئامادەبووان 182 مۆم وەک هێمایەک بۆ 182000 ئەنفالکراوو و 16 مۆم لەیادی 16 ساڵەی کارەساتەکەیان داگیرساند.

ئەوجا کورتەیەک لە نامەکەی د.کازم حەبیب خوێنرایەوە وەک عەرەبێک داوای لێبووردن لە گەلی کورد دەکات بەرامبەر بەم تاوانە کە بەناوی عروبەوە ئەنجام دراوە ,پاشان ڤینۆس فایەق لە سەر بەرماڵەکەی دایکییەوە چووە ناو جیهانی ئەنفالەوە و بە شیعرەکەی بەشێک لە ئامادەبووانی هێنایە گریان.وە شیعرێکیشی بە عەرەبی خوێندەوە.

ئەوجا حەمید حەداد شیعرێکی عەرەبی خوێندەوە .بە دوایدا شیعرێکی د.حامد حەمدانی کە بۆ ناوەندی هەڵەبجەی ناردبوو لەسەر ئەنفال خوێنرایەوە.

پاشان بڕگەی بابەتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان دەستی پێکرد.لە سەرەتادا بەهار علی لە ڕێکخراوی مافی ژنانی کورد لە هۆڵەندە بە باسی کێشەی ژنە ئەنفالکراوەکان چووە ناو بابەتەکەیەوە پاشان هاتە سەر باسی کێشەی 18 کچە نێردراوەکە بۆ میسر و ئەو تاوانەی شەرمەزارکرد.

بە دوایدا مەلا فەرمان وەک یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی ئەو سەردەمەی ئەنفال و شایەد حاڵێکی زیندوو زۆر نموونەی زیندووی هێنایەوە ,باسی ڕوخاندنی 779 گوندی ناوچەی کەرکووکی کرد لەو شاڵاوە دڕندانەیەدا .

www.kurdistannet.org

ئەوجا د.تسی ئالوسی زۆر بەڕێزەوە داوای  لە هەمووان کرد سەری ڕێز بۆ ئاڵای کوردستان دابنوێنن کە هێمای کووردە مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت.د.تسیر ئالوسی وەک ڕۆشنبیرێکی عەرەب بێدەنگی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و عەرەبی لە ئاست ئەم تاوانە شەرمەزارکرد.هەروەهای پێشنیاری کرد بە ناوی کۆنفرانسەوە داوا لە کۆنسەی حوکم بکرێت دەست بەجێ و ڕاستەوخۆ دادگایی تاوانباران بکرێت.

بە دوایدا ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کورد  ناجی عەقراوی ووتارێکی سەبارەت بە تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر گەلی کورد پێشکەشکرد و زۆر بەڵگەی زیندووی خستە ڕوو ,سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا .

بە دووایدا قایم ئەعمالی سەفارەتی عراقی لە هۆڵەندە بەڵقیس مەهداوی بە ناوی سەفارەتەوە لە ووتەیەکی کورتدا  ئەم تاوانەی شەرمەزارکرد.

لە پانێڵی دووەمدا سەرەتا نووسەری ناسراوی عێراقی جاسم موتەیر ووتی یەکەم چیرۆک نووسی عەرەب بووە چیرۆکی لەسر هەڵەبجە نووسیووە و ئەو چیرۆکەشی پلەی یەکەمی وەرگرتووە.ئەو پێی وابوو ئەنفال بریتییە لە قڕکردنی بەهاکانی مرۆڤ و بەها سروشتییەکان, داوای لە هەموو هاوپەیمانانی سەدام حوسێن کرد داوای لێبووردن بکەن لە بەرامبەر ئەو هاوپەیمانییەتییەی لەگەڵ سەدامدا کردوویانە.

پاشان د.جەبار قادر  مێژوو نووسی ناسراوو و پسپۆر لە بواری مێژووی کەرکووک و ئەنفال  تیشکی خستە سەر سیاسەتی جینۆسایدی کوردو تاکە ڕێگای دووبارە نەبوونەوەی ئەنفالی بە دیموکراتیزەکردنی عێراق زانی ,باسی ئەوەی کرد مەترسی زۆرە ئەنفال دوو بارە بێتەوە لە عێراقدا.هەروەها لە درێژەی وتەکەیدا بە ووردی لەسەر ئەمڕۆی کورد و عێراق قسەی کرد.

بە دووایدا د.حەسان عاکف جوامێرانە وەک ڕوناکبیرێکی عەرەب دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ڕوناکبیرانی کورد و داوای لە پارتە کوردییەکان کرد هەڵوێست و گووتاری خۆیان یەکبخەن بۆ ئەوەی زەمینەی ئەنفال کردنەوە نەڕخسێتەوە ,یەکخستنی هێزە دیمکووکراتیکەکانی عێراق و هێزە

www.kurdistannet.org

**کوردستانییەکانی بە کارێکی بە پەلە زانی بۆ چەسپاندنی دیموکراتییەت لە عێراقدا و مسۆگەرکردنی مافی گەلی کورد .وە ووتی لە پاڵ وەسیقەی 1958 و 1970 یاسای کاتی ئێستای عێراق سێیەم وەسیقەیەیە دان بە مافەکانی گەلی کورددا دەنێت ,لە هەردوو بڕیارەکانی پێشوو لە پێشترە بە هەموو کەمو کوڕییەکەیەوە.**

**لە کۆتاییدا ڕۆشنبیری ناسراوی کورد مەریوان وریا قانیع .زۆر پسپۆرانە پرۆسەی ئەنفالی ڕونکردەوە ,لە ووتەکەیدا بکەری سەرەکی پرۆسەی ئەنفالی بە هەڵکەوتەی دەوڵەتی عێراق بەستەوە .مەریوان ووتی دەوڵەتی عێراق بێ گەلە و گەلی عێراقی و فەرهەنگی عێراقی و کولتوری عێراقی هەرگیز بوونیان نەبووە.هەروەها ووتی شوناسی عێراقی بوونی نی یەو بۆ ئەوەی ئەنفال دووبارە نەبێتەوە دەبێت شوناسی عێراقی دروست بکرێت,هەروەها ڕەشبینی خۆی لەم شوناسە نەشاردەوە.**

**ئەمەو پاشان گفتوگۆی گەرم سازبوو ,لە کۆدا چالاکییەکە 7 کاتژمێری خایاند.هەروەها لە کۆتاییدا دیاری ناوەندی هەڵەبجە بەسەر بەشداربووانی چالاکیەکەو هەر سێ سەتەلایتەکەی کوردستان کە ئامادەبوون و بەڕێزان کنێرخان لە ڕێکخراوی مناڵە ئەنفالەکانی کوردستان و ئازاد کاکە ڕەش و د.سەلمان شەمسە دۆستی کورد کە ئێستا نەخۆشە دابەشکرا.ئەم دیاریانە لە لایەن کاک فەتاح زاخۆییەوە بە دیاری نێردرابوو بۆ ناوەندی هەڵەبجە کە پۆستەرێکی کارەساتی هەڵبجە بوو.**

**ئەمەو لەم کۆنفرانسەدا ڕێکخراوەکانی فریزلاند کوردستان و یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و سەنتەری ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازانی کوردستان هاوکارییان کرد .**

**هەروەها لەم نزیکانە بەلاغی کۆتایی دەرەچێت و بڵاو دەبێتەوە .**

www.kurdistannet.org

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاک-
2004-4-26

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت